ژان ژاک ڕۆسۆ لە دەلاقەیەکی ترەوە..

(گەڕانەوە بۆ سروشتی مرۆیی، ئێمیل وەک نموونە)

جواد خەلیل



١٥ی کانوونی یەکەم، ٢٠٢١   وتار

دڵڕەقی و چاوچنۆکی و کوشتوبڕ و یەکترشکاندن، هەڵپەی ناوبانگ و هێز و دەسەڵات، زادەی بە کۆمەڵایەتیبوونی تاک و دروستبوونی کۆمەڵگاکانن. ئەگەر مرۆڤ بە تەنها ژیابا، هیچێک لەمانە بەو ڕادەیە بوونیان نەدەبوو. سروشتی مرۆیی، خۆی لە خۆیدا دژی ئەو سیفاتانەیە، لێ دواتر ژینگە و دەوروبەر بە مانا بوونخوازییەکەی ڕەگی دزێوی تێدا دەچێنن. کەواتە

چارەسەر چییە؟ ئایا هیچ هیوایەک هەیە بۆ بنبڕکردنی خراپەکاری و ڕەگی دزێوی لە مرۆدا؟

"ژان ژاک ڕۆسۆ"[1] لە ساڵی ١٧٦٢ بۆ چارەسەرکردنی ئەو خووە دزێوانەی مرۆ و گەڕاندنەوەی بۆ سروشتی بەرایی خۆی، کتێبێکی گەورە دەنووسێت بە ناونیشانی: "دەربارەی پەروەردە: ئێمیل وەک نموونە"[2]. لەم کتێبەدا ڕۆسۆ زۆر بە ڕاشکاوانە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ڕێگای پەروەردەیەکی دروست دەخاتە بەردەستی پەروەردەکاران و هانیان دەدا شێوازێکی نوێی پەروەردەیی بۆ منداڵەکانیان تاقی بکەنەوە و دوور بکەونەوە لە شێوازە کۆن و نەریتییە سواوەکان. شێوازی پێشنیارکراوی ڕۆسۆ، پەروەردەی منداڵ هەر لە کۆرپەلەییەوە هەتا دەگاتە تەمەنی ٢٥ ساڵی دەگرێتەوە . ئەو پێی وایە تازە درەنگە بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکان هەڵبوەشێنەوە و تاک بکرێتەوە بە خۆیەکی تەواو دابڕاو لە ژینگە ناڕێک و زیانبەخشەکەی، بەڵام دەتوانرێت هەوڵ بدرێت لە ڕێی

[1] ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)، فەیلەسوف و ڕۆماننووس و نووسەرێکی دیاری چاخی ڕۆشنگەرییە، لە جنێف لەدایک بووە و بە فەرەنسی نووسیویەتی. جگە لە کتێب و نووسینە ناسراو و کاریگەرەکانی لە بواری فەلسەفەی سیاسی و پەروەردەدا، لێکۆڵەرێکی دیاری میوزیک و ئاوازدانەر و ئوستادی سەماکردن بووە. خوێنەر بۆ ئاشنابوون و ناسینی زیاتری ڕۆسۆ، ناچار نییە بگەڕێتەوە سەر ئەو نووسینانەی کە باسی ژیانی ڕۆسۆ دەکەن، چونکە ڕۆسۆ خۆی لە (دانپێدانانەکان)دا، هەموو شتێکی لەبارەی ژیانی خۆیەوە درکاندووە. بڕوانە: (ژان ژاک ڕۆسۆ، دانپێدانانەکان، وەرگێڕانی: هەژار جوانڕۆیی، سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧)

[2] جان جاک روسو: امیل آو التربیة، ترجمة: عادل زعیتر، مؤسسة هنداوي للطباعة والنشر، طبعة جدیدة، ٢٠١٩. هەروەها بڕوانە: (ژان ژاک ڕۆسۆ: ئێمیل، وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕەسول سوڵتانی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠(

پەروەردەیەکی تایبەتەوە مرۆ لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی نزیک بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت سروشتییانە گەورە ببێ و هیچ یاسا و ڕێسایەکی دیاریکراو لە فێربوون و پێگەیاندنیدا، بەسەریا نەسەپێنرێ و خۆویستانە لەو پێکەوەبوونەی لەگەڵ کۆمەڵگادا بەشداربێت.

خاڵی هەرە گرنگی ئەم کتێبەی ڕۆسۆ، جەختکردنەوەیە لەوەی دەبێ پەروەردە و فێرکردن لە شێوازی (بەخشەر و وەرگر) خۆی دەرباز بکا و لەبری ئەوە فێرکاران هەوڵ بدەن لەگەڵ فێرخوازاندا بیر بکەنەوە و بپرسن و پێکەوە ڕێیەک بۆ فێربوون بدۆزنەوە. بە واتایەکی دیکە لەبری سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە و پرسیارکردن، دەبێ فێرخواز خودی خۆی فێری پرۆسەی بیرکردنەوە و پرسیارکردن بکرێت. لەبری کەڵەکەکردنی یاسا و ڕێسا و نەریتە باوەکان، هانی منداڵ بدرێ خۆی لایەنە باش و سوودبەخشە سروشتییەکانی خۆی پەرە پێ بدا و هیچ بیرۆکەیەکی زیانبەخش و هیچ نەریتێکی کۆن نەخزێنرێتە هۆشییەوە. فێربوونی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە فێرخواز هەست بکات فێربوونەکەی ئازادانە و سەرپشکانەیە، هەروەک چۆن پەروەردەی ڕاستەقینەش ئەو کاتە دەست پێ دەکا کە ئینسان ئازادانە پەرە بە سروشتی مرۆییانەی خۆی بدا و بە ویستی خۆی بچێتە نێو کۆمەڵەوە و ببێتە بەشێکی گرنگ لێیان.

ئەم بۆچوونانە لە "ئێمیل"دا ئەوەندە بە زەقی و ڕوونی نووسراون، کە هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە بۆ لێکدانەوەی دی. ئەوە بۆیە سەروەختێک پەرلەمان لە پاریس دوای تەنها بیست ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، بڕیاری کۆکردنەوە و سووتاندنی کتێبەکە دەردەکات و داوا دەکات نووسەرەکەیشی

بخرێته زیندانەوە و سـزا بدرێت، ڕۆسـۆیش بێ هیچ ڕوونکردنەوە و بەرەنگارییەک بەرەو سـویسـرا هەڵدێت، چونکە هەم پەرلەمان و دادگای ئایینیی ئەو سـەردەمە بەڵگەی تەواویان بۆ سـزادانی لە بەردەسـتدا بوو، هەمیش ڕۆسـۆ بەوپەڕی ڕاشـکاوی و بێ هیچ خاترگیرییەک بۆچوونەکانی خۆی دەربڕیبوو، بە شـێوەیەک لە بەرامبەر یاسـاکانی دەوڵەت و ئاییندا کەس نەیدەتوانی بچووکترین بەرگریان لێ بکات!

ئەم کتێبەی ڕۆسـۆ هەرچەندە وا بۆ سـێ سـەدە دەچێت بۆتە بنەمایەکی سـەرەکیی پەروەردەی نوێ لە خۆراوا و لە سـیسـتەمی پەروەردەدا زۆر بەوردی جێی بۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە بیزانین ئەوەیە کە ئەم کتێبە بەدەر نییە لە هەڵە و کەموکووڕی زۆر و تەنانەت لە چەندین جێدا بۆچوونەکانی بۆ ئەمڕۆی جیهان مەترسـیدار و خراپن و قابیلی ڕەخنەی قووڵن. بۆ نموونە لەبارەی خوێندنەوەوە ڕۆسـۆ پێی وایە کە منداڵ لە پێنج ساڵییەوە تا دوانزە ساڵی نابێت هیچ زمانێک جگە لە زمانی دایکی فێرببێ و نابێت بە هیچ جۆرێک لەو تەمەنەدا کتێب بخوێنێتەوە، دەبێ بەتەواوی بێئاگا بێت لە بابەتەکانی ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا. بە بڕوای ڕۆسۆ منداڵ هەتا تەمەنی دوانزە سـاڵی دەبێت تەنها یەک کتێب بخوێنێتەوە ئەویش کتێبی سـروشـتە و خۆی دادوەری لەنێوان شـتەکاندا بکات، چونکە کتێب بۆ ئەو تەمەنە کەمەی منداڵ هیچی پێ نییە جگە لە ئازار و ناڕەحەتی. هەروەها بیروڕاکانی دەربارەی ژنان و قەدەغەکردنی خوێندن لێیان، بەو پێیەی سروشتی ژنانە سروشتێکی دژ و ناکۆکە لەگەڵ خوێندنەوە و تێگەیشتنی قـــووڵـــدا.

لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین بڵێین "ئێمیل" کۆنترین مانیفێسـتی فەلسـەفییە کە بەو شـێوە تایبەتمەند و عەقڵانی و نوێگەرییە دەربارەی پەروەردە و

سروشتی مرۆیی نووسرابێت و تا ڕادەیەکی زۆریش دووركەوتبێتەوە لە شێوە ڕوانینی ئاینیانەی سەدەكانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی ڕێنسانس بۆ پەروەردەکردنی مرۆ لە منداڵییەوە. ئەمە سەربارى ئەو ڕاستییەی کە پەروەردە لەم کتێبەی ڕۆسۆوە، دەچێتە قۆناغێکی بەرزتر و باشتر، کە نەک بۆ ئەو سەردەمە، بەڵکوو تا ئێستاش لە سیستەمی پەروەردە نموونەییەکانی جیهاندا، جێی تایبەتی بۆ کراوەتەوە و بە بەردەوامی ئەزموون دەکرێت.

ئێمیل باسی چی دەکا؟

ئەم کتێبە دابەشکراوەتە سەر پێنج بەشی سەرەکی، لە بەشی یەکەمدا باس لە قۆناغی کۆرپەیی منداڵ کراوە و زۆر بەڕوونی ئاماژە بە ڕۆڵی دایەنەکان دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵدا و ئاماژە بە گرنگی ئازادبوونی تەواوەتی منداڵ دەکات لە هەمبەر سروشت و داواکارییەکانیدا. ئەمە پاکترین ماوەی تەمەنی مرۆیە، کە تێیدا ژینگە و سەپێنراوە دەرەکییەکان هێشتا زەفەریان پێ نەبردووە و داگیریان نەکردووە. لەم قۆناغەدا منداڵ لە بەخێوکارەوە سیفەت و زمان و بەشێکی نەریت و خەسڵەتە گشتییەکان، بە شێوەیەکی سەرەتایی وەردەگرێت.

بەشی دووهەمی کتێبەکە تایبەتە بە قۆناغی پێنج ساڵی هەتا دوانزە ساڵی، کە نابێت منداڵ تێیدا کتێب بخوێنێتەوە و دەبێت هان بدرێت خۆی ڕاستەوخۆ لە سروشتەوە شتەکان وەربگرێت و لێکیان جیا بکاتەوە و تێیان بگات. خاڵی هەرە گرنگی ئەم بەشە کە تا ئێستایش بۆ پەروەردە بایەخی گەورەی هەیە دانەدانی وانەی ئەخلاقی و نەریتییە بە منداڵ، بەڵکوو لەبری ئەوە تەنها پێویستە لە سەرمان بە کردار لە خراپەکاری دووری بخەینەوە و هانی

بـدەین بەرەو چـاکەکـاری و هەڵســـوکەوتی مرۆیـانە ڕێنوێنی بکەین.
لە بەشـی سـێیەمدا کە تەمەنی هەرزەکارییە و لە ١٢ سـاڵی بۆ ١٥ سـاڵی دەگرێتەوە، ئیدی کاتی ئەوەیە منداڵ فێری زانســـت و زانیاری بکەین و لەمەشدا پێویستە منداڵەکە پشت بە خۆی ببەستێ و ڕاستەوخۆ لە سروشت و ژینگەی دەوروبەرەوە دەست بکات بە گەڕان و زانیاری. بۆ ئەم تەمەنەی منداڵ ڕۆسـۆ پێشـنیاری تەنها یەک کتێب دەکا، ئەویش (چیرۆکی ڕۆبنسـۆن کرۆسـۆ)یە کە بە شـێوەیەکی سـروشـتی ژیاوە و لە ڕێی ئەزمونکردنی ژیانەوە فێری ژیانکردن و بەرگەگرتنی ناخۆشـی و سـەختییەکان بووە و لە کۆکردنەوەی زانیـاریدا پشـتی بە خۆی بەســتووە. هـاوکـات فێرکردنی پیشـەیەکی نوێ و بەسـوود و جووڵاندنی جەسـتە و دەرخستنی وزە و توانا زۆر و زەوەنـدەکـانـی مـنـداڵ.
لە بەشـی چوارەمدا کە تەمەنی (١٥ بۆ ٢٠) سـاڵی دەگرێتەوە، ڕۆسـۆ داوا دەکات منداڵ فێری خۆشـەویسـتیی ڕاسـتەقینە بکرێت و وای لێ بکرێت هەموو کەسێکی خۆشبوێ و ڕقی لە هیچ کەس و گروپێکی مرۆیی نەبێتەوە. هـاوکـات ڕێز لە بۆچوون و بیروڕای جیـاواز بگرێـت و هەموو کەس و بۆچوونێکی لە لا بەڕێز بێـت. هەر لەم تەمەنەدا ئیـدی دەبێـت فێری خوێنـدنەوەی کتێـب ببێـت و زۆرتر بخوێنێتەوە، بەتـایبەتی بـابەتەکـانی ئەدەبیات و مێژوو، ئەمەش لە پێناوی بەهێزکردنی یادەوەری و فراوانکردنی ئـاسـۆی خەیـاڵ و بیـرکـردنەوە بە واتـا فەلسـەفـیـە قووڵەکەی.

بەشـی پێنجەم و کۆتاییی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسـکردن لە شـێوازی پەروەردەکردنی کچ و گەورەکردنی، تـا لە داهـاتوودا ژنێکی سـەنگین و ناوداری لێ دەربچێت و بەدەم داخوازی و پێویسـتییەکانی خێزانەکەیەوە

بچێت و گرنگی بە لەشـــڕێکی و جوانی خۆی بدات و شـــیاوێتی ئەوەی تێدا بێت ببێتە دایکێکی باش و پەروەرەیەکی گونجاو و پێشکەوتووی منداڵەکانی بکات، چونکە دواجار کۆی ئەم کتێبە و جێبەجێکاری یەکەمیشـــی خانمانن و ئەوان دەتوانن بە باشـترین شـێواز پەروەردە ببەنە پێش و ئاڕاسـتەی بکەن بەرەو شـــــــــــــــــــــــــکـــــــــــــــــــــــــۆداری.

بە شێوەیەکی گشتی هێڵی سـەرەکی ئیشـکردنی ڕۆسـۆ لەسـەر پەروەردە، پشت بەسـتنە بە سـروشـتی مرۆیی. پشـت بەسـتنە بە توانسـتی فێربوون لە ڕێی هەســـتەکانەوە نەک عەقڵ و هۆش. وەک چۆن لە لای "هایدیگەر"[٣] مرۆ دەتوانێت بە گەڕانەوە بۆ "بانگی ویژدان" ڕەســـەنێتی خۆی لەدەسـت نەدات، لای "ڕۆسۆ"یش بە گەڕاندنەوە بۆ "هێزی هەستەکی و بانگی سروشت "مرۆ دەتوانێت چاکەکاری لەدەســـت نەدات و لە خراپەکاری دووربکەوێتەوە.

ئـــایـــا مـــرۆڤ دەگەڕێـــتەوە بـــۆ ســـــروشـــــتـــی خـــۆی؟

بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی "ڕۆسـۆ" دەربارەی سـروشـتی مرۆیی، هەمیشـە جێی مشـــــتومڕ و گفتوگۆی توند بووە، نەک بە تەنها لە نێوەندە فیکری و فەلسـەفییەکاندا، بەڵکوو لە ناوەندە زانسـتی و پەروەردەیی و ئاینییەکانیشـدا، بۆتە مژارێکی سـەرەکی. خاڵی هەرە گرنگی نێو ئەو مشـتومڕانەش، زۆربەی جار بەرمەبنای بەدحاڵیبوون بووە لە فەلسـەفە و فیکری ڕۆسـۆ. بەوەی کە زۆرێک لەوانەی لێکۆڵەر و تایبەتمەندی فەلسـەفەکەی ڕۆســۆن، ئەویان بە

[٣] مارتن هایدیگەر: بوون و کات، وەرگێڕانی: دکتۆر محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشـــی ســـەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣(

شـــێوەیەک گرێداوەتە ســـروشـــتی مرۆییەوە، نەک هەر خوێنەری ئاســـایی بەڵکوو زۆر جار توێژەر و خوێنەرە جدییەکانیشی بە هەڵەدا بردووە و وای تێگەیـانـدوون کە ڕۆســـۆ تەرەفگیری تەواوەتیی دابڕانی تـاکە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و لە هەوڵی گەڕانەوەیەتی بۆ سروشتە ڕاستەقینەکەی خۆی و ژیانکردنێتی بە تەنیایی!

بەڵام ئایا ئەمە بەو شـــێوەیەیە؟ بێگومان نەخێر، خودی ڕۆســـۆ لە چەندین شـــوێندا و لە بەشـــێکی زۆری کتێبەکانیشـــیدا ڕێک پێچەوانەی ئەو تەرزە ڕوانینە ئیشـــی کردووە .بە لای "ڕۆســـۆ"وە ســـروشـــتی مرۆیی هەڵگری خەســـڵەتە نەرم و نیان و باشـــەکانی مرۆڤە، کە لە ڕێیەوە چاکەکاری و دادپەروەری و بەخشندەیی و لێبوردەیی دێتە دەرێ، لێ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر ناهێڵن ئەم خەسڵەتانە تێیدا بە زەقی بمێننەوە و لەبری ئەوەوە تۆوی چاوچنۆکی و ڕکابەری و خۆپەرســـتی و ســـتەمکاری تیا دەچێنن. ڕۆسۆ بۆ ئەوەی مرۆ لە سیفاتە خراپ و شەڕەنگێزییەکان دوور بکەوێتەوە، هـانی دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەو زەخیرە چـاکەکـارییەی کە هەیەتی، هەوڵ دەدات ئەمە بیری مرۆ بخاتەوە تاکوو لە ژینگە کۆمەڵایەتییە خراپەکەدا نقوم نەبێت و هەقیقەتی خۆی لەبیر نەچێتەوە. بە واتـایەکی تر ڕۆســـۆ هەوڵ دەدات ئێمە لە چاکەکاری و ڕەســـەنێتی نزیک بخاتەوە و لە ســـەپێنراوی دەرەکی و دژە مرۆیـانە بمـانپـارێزێـت. ئەو دەزانێـت کە ئێمە نـاتوانین بگەڕێینەوە بۆ دۆخی سروشتی خۆمان، بەڵام ئەم پێداگری کردنەی لەسـەر بە بـاڵا زانینی ئەو دۆخە، لە پێنـاوی هێشـــتنەوەی تۆوی خۆبوونە لەنێو ژینگەیەکدا کە ڕقی لەو تۆوەیە و دەیەوێ بە هەر جۆرێک بووە نەیهێڵێت.

ڕوونکردنەوەی چەند لێڵی و ناڕوونییەک

کاتێک کۆی نووسینەکانی ڕۆسۆ دەخوێنینەوە، هەر لە نامەکەیەوە دەربارەی زانست و هونەر، تا دەگاتە کتێبە سەرەکی و گرنگەکانی، بە تایبەتی هەردوو کتێبی: (پەیمانی کۆمەڵایەتی[٤] و ئێمیل)، درک بەوە دەکەین کە لای ڕۆسۆ سروشتی مرۆیی و دۆخە سروشتییەکە کراونەتە سێ بەشی سەرەکییەوە، ئەم سێ بەشەش سێ ڕەهەندی جیاواز و لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکەوەبەستراویان هەیە، ئەوانیش:

یەک/ جیهانی دەرەکی (سروشتی دەرە مرۆیی):

هەموو ئەو کارکرد و وێنا دەرە مرۆییانە دەگرێتەوە کە لە گەردووندا هەن، بە ئاسمان و زەوییەوە، بە ژینگە و ئەستێرە و مانگ و خۆر و ئاو و هەواوە، بە شار و دێهات و بیابان و تاڤگە و ڕووبار و.... هتد. ئەوەی کە بە شێوەیەکی بابەتییانە و بە پشت بەستن بە هەستەکانی بیستن و بینین و بەرکەوتنەوە مرۆڤ لێیان تێدەگا و دەکەوێتە ژێر هەژموونیانەوە، دواجاریش ئەم سروشتە گەردوونییە دەرە مرۆییە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی ڕوانین و ئایدیا و وێناکردنەکانی ئێمەدا بۆ جیهان و دەوروبەرمان.

دوو/ جیهانی ناوەکی (سروشتی ناوەکییانەی مرۆ):

[٤] جان جاک روسو، العقد الاجتماعي، ترجمة: عادل زعيتر، صدرت هذه النسخة عن مؤسسة هنداوي عام ٢٠١٣. "لەم کتێبەدا ڕۆسۆ زۆر بە ڕوونی ئەوە شی دەکاتەوە کە چۆن تاک دەستبەرداری بەشێک لە ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی دەبێت بۆ زۆرینە، تاکوو ئەوانیش لە بەرامبەردا مافەکانی دیکەی بپارێزن و ڕێزی لێبگرن".

بریتییە لە حەز و ئارەزوو و خولیا ناوەکییەکان و هەموو ئەو تێرمە چاکانەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەن، وتمان چاک، ئاخر ڕۆسۆ پێی وایە مرۆڤ بە سروشت چاکەکارە و خواستی شەڕەنگێزی و خراپەکاری تیا نییە، کە ئەمە ڕێک پێچەوانەی ڕوانینەکانی "هۆبز"[٥]ە، کە پێی وایە مرۆڤ بە سروشت شەڕەنگێزە و دەبێ لە ڕێی پەروەردە و سیستەمێکی توندەوە، بەرەو چاکەخوازی ئاراستە بکرێت .

ئەم جیهانە ناوەکییەی کە ڕۆسۆ باسی دەکات، بنەمای سەرەکیی پەروەردەیەکی دروست و پێکەوەژیانێکی شایستەی مرۆڤەکانیشە لەگەڵ یەکدی. مکوڕبوونی ڕۆسۆ لەسەر زەرورییەتی پاراستنی ئەم جیهانە ناوەکییەوە و هێشتنەوەی بە باڵادەستی، هۆکاری سەرەکیی زۆرێک لە هەڵەتێگەیشتن و بەدحاڵیبوونەکانە سەبارەت بە فەلسەفە و دونیابینییەکەی.

سێ/ جیهانی کۆمەڵایەتی (سروشتی کۆمەڵایەتییانەی مرۆ):

بۆ شیکردنەوەی ئەم تێرمە ناڕوون و لێڵە، "ڕۆسۆ" پەنا دەباتە بەر مێژوو، مێژووی دێرین و مرۆی چاخە سەرەتاییەکان. لەوێوە نموونە و بەڵگە و پاڵپشتییەکانی دێنێتەوە و ئیشی لەسەر دەکات. ئەو لەو بڕوایەدایە گەلانی

[٥] تۆماس هۆبز: فەیلەسوف و مێژوونوس و ئابوریناسێکی گەورەی ئینگلیزە. بە داڕێژەر و بناغەدانەری بەشێکی گەورەی ماف و ئیمتیازاتە گەورەکانی بەشەرییەت لە سەردەمی ڕێنسانس دادەنرێت. بیرکردنەوەکانی کاریگەری زۆریان لە سەر جیهانیی سیاسیی و فیکریی خۆرئاوا داناوە. لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی)ئەرستۆ و ماکیاڤیللی و دیکارت(دا کاریکردووە. ڕۆسۆ لە زۆر بۆچووندا لەگەڵیدا ناکۆک بووە، لە هەمان کاتدا نەیتوانیوە بێ گەڕانەوە بۆ هۆبز و بازدان بە سەریدا بیروڕاکانی خۆی دەرببڕێت. هۆبز پێی وابوو مرۆڤ بە سروشت شەڕەنگێزە و خراپەخوازە، یاسا و سیستەمە ئاینی و کلتورییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەم شەڕەنگێزی و خراپەخوازییە دانراون و دەبێت مرۆڤ ملکەچییان بێت. بڕوانە: (د.امام عبدالفتاح امام، توماس هوبز فیلسوف العقلانیة، دار الثقافة للنشر والتوزیع، ١٩٨٥.)

دێرین و مرۆی ســــەرەتایی کاتێک بەرکەوتن و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی زیـادی کرد، نـاچـاربوون لە پێنـاوی پـاراســـتنی گیـانی یەکـدیـدا و بۆ دەسـتەبەرکردنی ئەمنییەت و ئارامییەکی جوزئی، دەسـتبەرداری بەشـێک لە تایبەتمەندی و خواســـتەکانی خۆیان بن و پێکەوە پەیمانێک ببەســـتن، کە ڕۆسۆ خۆی ناوی لێدەنێت: (پەیمانی کۆمەڵایەتی). بەمەش سروشتی مرۆیی ڕوخســـارێکی کۆمەڵایەتییانەی لەخۆگرت. ئەم ڕوخســـارە ســـەرەتاییە ڕوخســـارێکی پاک و بێگێشـــە بوو، چونکە بەرمەبنای خواســـتێکی ئازاد و پەیمانێکی خۆویستانە بوو، لە پێناو گەشـەدان بە ژیاری مرۆییدا، مرۆڤ لەم قۆناغەدا باشـــترین ســـاتەکانی ژیانی لە مێژووی خۆیدا ئەزموون دەکرد، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا ســـەرەتاییانە دووربوون لە چاوچنۆکی و ئیرەیی و ڕق لێبوونەوە، هەموویان دڵســـۆزانە بەرگرییان لە یەکدی دەکرد و بەتەنگ غەمی گشـتییەوە بوون؛ بەڵام دواتر و لە ڕێی گەشـەسـەندنی مێژووییەوە، زۆرێک لە خاڵەکان و بنەما ســـەرەکییەکانی نێو ئەو پەیمانە ســـروشـــتییە کۆمەڵایەتییە ژێرپێ خران. ئیدی خاوەندارێتی تایبەت و هێز و سامان بوون بە هەڕەشـەیەکی جدی بۆ سـەر ئەم پەیمانە و تەنانەت بۆ سـەر سـروشـتە پاکەکەی مرۆڤیش. ڕۆسـۆ لە ڕێی گەڕاندنەوەی خوێنەرەوە بۆ سـەرەتاکانی ئەم پەیمانە، دەیەوێت ئەوە بســـەلمێنێت کە ئەو دژی کۆمەڵایەتیبوون نییە، بەڵکوو لە هەوڵی پاراســـتنی پەیمانە کۆمەڵایەتییە ســـەرەتاییەکەدایە. ئاخر بەلای ئەوەوە هۆکاری زۆرێک لە کێشـــەکانی دونیا، دوورکەوتنەوە و لادانە لە بنەما ســـەرەکییەکانی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە. خاڵی هەرە گرنگی ئەو پەیمانەش (هاوبەشـیی و هاوغەمیی)ە کە لێیەوە ئیدی تۆوی خۆپەرسـتی و تەقەلا بۆ خـاوەنـدارێتی و خواســـت بۆ بە کۆیلەکردنی ئەوانی دی، لە نـاودەبـات. ئەم هزری هەرەوەزییە، ئەم هـاوبەشـــی و هـاوغەمییە دەبێتە

هەوێنی زۆرێک لە فەلسەفە و ڕێبازەکانی دواتر، بەتایبەتی لای بیریار و توێژەر و فەیلەسوفانی ڕەوتی مارکسیزم، تەنانەت خودی مارکس خۆیشی لەمەدا گەڕاوەتەوە سەر ڕۆسۆ.

لەنێوان ئەو سێ بەشەدا کە ئاماژەمان پێکرد، ناکرێت بەشێکیان جیا بکەینەوە و تەعمیمی بکەینە سەر بەشەکانی دی. ئەم سێیە بۆ تەواوکردنی تێگەیشتنمان لە ڕۆسۆ یاریدەمان دەدەن و لە هەڵە خوێندنەوە و هەرزە ڕاڤەیی بە دوورمان دەگرن. چونکە هیچ کام لەم بەشانە بە تەنها زامنی تێگەیاندن ناکەن، بەڵکوو دەبنە زامنی بەدحاڵیبوون.

ئێمیل چی بە ئێمە بەخشی؟

لە کۆتاییدا دەشێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، کە ئاخۆ ئێمیل چی بە ئێمە بەخشی و چی گۆڕانێکی لە بونیادی پەروەردەییی ئێمەدا دروست کرد؟ بۆ وەڵامی ئەمە، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پەروەردە و دۆخی پەروەردە لە پێش "ڕۆسۆ" و بەراوردکردنی بە سەردەمی دوای ئەو. بێگومان ڕۆسۆ لە ڕێی "ئێمیل"ەوە دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی گەورەی دروست کرد لەگەڵ سەردەمە تاریکەکاندا، تانانەت لەگەڵ فەلسەفەی نوێی ئەوروپی و چاخی ڕێنسانیشدا. گرنگترین کارێک کە "ڕۆسۆ" هێنایە نێو پەروەردەوە، کەنارخستنی ئەو تێڕوانینە باوە بوو کە پێی وابوو مرۆڤ بە سروشت شەڕەنگێزە و دەبێت لە ڕێی هێزی پەروەردە و سەپاندنی سزاوە، ملکەچیی یاساکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و ئایین بکرێت و تۆوی چاکەکاری لە ناخیدا بچێنرێت. "ڕۆسۆ" هات و ئەمەی بەتەواوی ڕەتکردەوە، ڕوانینێکی نوێی بەرجەستە کرد و مرۆی کرد بە ناوەندی خێر و چاکە و کۆمەڵگەشی کرد بە هۆکاری دروستبوونی خراپەکاری. سیستەمی پەروەردەی ڕۆسۆ،

دژی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە و نەریتە گشـــتییەکانە لە پرۆگرامی خوێندندا و بەلای ئەوەوە منداڵ دەبێت ســـەرپشـــک و ئازاد بکرێت لە هەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازانەی کە بەلایەوە پەســـەندن، هەروەک چۆن ســەرپشــکشــیش بکرێت لە ڕەتکردنەوە و نەخوێندنەوەیاندا. ئەمە جگە لە قەدەغەکردنی لێدان و ســـەپاندنی ئەزبەرکردن. لەمەوە تێدەگەین کە ئەوەی "ئێمیل" بە ئێمەی بەخشــیوە، گۆڕانکارییەکی ڕیشــەیی و بنەڕەتییە لە ســیســتەمی پەروەردەکردندا، بەوەی کە تاک تێیدا هەم پەیوەســت بێت بە بەرپرســـیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە و هەمیش پارێزگاری لە مانەوەی جیهانە ناوەکییەکەی خۆی بکات بە پاکێتی. لە یەککاتدا هەم بەخشــەر بێت و هەمیش وەرگر، فێربوون و خوێندنەوە و تێهزرینی ئازدانەتر و کراوەتر بێت بە ڕووی خۆی و بە ڕووی جیهانیشـــــدا. لە ڕێی ئێمیلەوە ئێمە دەتوانین گوێبیستی بانگەوازی ویژدان بین(بە دەربڕینە هایدیگەرییەکەی)، لە ئەمانەش گرنگتر گەیشــتنە بە ئازادییەکی بێخەوش و ڕەســەن. ئازادییەک کە تەنها لە ڕێی گەڕانەوە بۆ جیهـانی نـاوەکیی خۆمـان و ڕێکخســـتنی شـــێوازی پەیوەندیمان بە جیهانی دەرەکییەوە دێتە دی.

ترس لە ئێمیل، ترس لە سروشتی مرۆیی

نەک تەنها لە ســەردەمی "ڕۆســۆ"دا ، بەڵکوو لە ســەردەمەکانی دواتر و تا دەگاتە ئێســـتامان؛ بیرۆکەکانی نێو ئێمیل و پەیمانی کۆمەڵایەتی هەمیشـــە ڕووبەڕووی ڕەخنە و بە نەفرەتکردن بوونەتەوە، بەردەوامییش وەک مەترسییەکی گەورە تەماشای ئەم بیرۆکانە کراوە. بۆچی؟ چونکە مرۆڤ بە گوێگرتن لە ناخی خۆی و گەڕانەوە بۆ جیهانی ناوەکی، بە ناڕاســـتەوخۆ دەکەوێتە جەنگێکی گەورەوە لەگەڵ دونیای دەرەخۆییدا، لە کاتێکدا ئایین و

کولتوور و نەریت و یاسا و دەسەڵات ئەمەیان ناوێ و دەیانەوێ لەبری ئەوە جێی خۆیان بکەنەوە و ببنە نوێنەری جیهانە ناوەکییەی مرۆڤ. بێگومان دروستبوونی نەوەیەکی وەها، کە دژی سەپێنراوە دەرەکییەکان بێت و هەوڵی بەخۆبوون بدات؛ کە ببێتە خودسەنتەر و ئیعاز لە ویژدان و هزری خۆیەوە وەرگرێت، نەک بە تەنها دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر پێگەی ئێستای بتە سیاسی و ئایینی و فەرهەنگییەکان، بەڵکوو دەبێتە هەڕەشەیەکی جدیش بۆ سەر کەلەپوور و میتۆلۆژیا و مێژووی گۆڕدراوی هەزاران ساڵەش! لێرەوەیە کە ترس لە ئێمیل، ترس لە گەڕانەوە بۆ سروشتی مرۆیی دەبێتە ترسێکی دەستەجەمعی و بە کۆدەنگ ڕەت دەکرێتەوە، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتاش لە ناواخنیاندا قۆناغی میتۆلۆژیا و تەوتەمییان تێنەپەڕاندووە و بە تەواوی دژی کرانەوە و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەن.